کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
7:12 29-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەنجاوسی خولەک کارەبا ... شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی ژیان لەکوردستان ... ستیڤان شەمزینانی




باوکم بەقووڵی نەفەسی لەجگەرەکەی دەداو باسی ڕابردووی پڕ ئازار و مەینەتی خۆی دەکرد لەڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتییدا، نازانم چ پاڵنەرێکە جار جار دەیباتەوە سەر گێڕانەوەی بایۆگرافیاو هەموو جارێکیش پێ لە زۆرشت دەنێ و زۆر دانپیانانی سەیر بەیان دەکات، لەپڕ هاتە سەرباسی گەدایی و نەداریی کاك (... ) ئا... ئەو، ئەو سۆپەرمانەی وامدەزانی لەساتی لەدایك بوونیدا پێنج ملیۆن دۆلاری لەسکی دایکییەوە هێناوە بۆسەر ژیان، وتم: ئەری باوکە کاك هێن ئەو شتە زلە دەناسیت، باوکم بەخێرایی وەڵامی دایەوە: تەنانەت ساڵانێکی زۆر بەرپرسی بووم.

وتم: ئی چۆن وا دەوڵەمەند بوو؟ لەکاتێکدا کاتی خۆی وا هەژارو نەداربووە؟ باوکم وتی: نازانم، فەرهود، ئا.. ئا.. فەرهود.. دزی.. چوزانم.

وتم: وەك تۆ بزانی زۆر هەژار بوو؟ باشە تاچ ڕادەیەك زەلیل ببوو بەدەست هەژارییەوە؟ باوکم سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد وەك ئەوەی چاوەڕێی هاتنی هاوڕێیەکی بکات وتی: ها.. ها.. کوڕە چوزانم، بەخوا پارەی خانوویەك بەس جگەرەم بۆ کڕیوە هەر لەپاکەتی بەغدادو سۆمەرەوە بیگرە تا دەگاتە سپێشل و ریم.

منیش تۆزێك بێدەنگ بووم، هەندێك ڕامام لەجریوەو دەنگی پڕ سۆزی مۆلیدەی کارەبای دراوسێکەمان، هەردەتگوت سەمفۆنی بتهۆڤن یان شۆپانە.

کاکی مەسئول هاتەوە یادم و پرسیم: ئەری باوکە نەتووت ئەم کابرایە تاچەند بەڕەوشت و بەوەفایە؟ -وەفای چی و ڕەوشتی چی؟ ئەو کابرایە لەشاخیش هەروابوو کە پێشمەرگە داستانی تۆمار دەکرد ئەمیش مێبازیی دەکرد!!.

+بەڕاست مێبازیی، ئی.. ئی.. چۆن مێبازییەك؟ توخوا بۆم باسبکە! لەپڕ کارەبا هاتەوە، باوکم جگەرەکەی کوژاندەوەو وتی: نازانمن مێبازیی چی؟ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە؟ نابینی کارەبا هاتەوە، هەڵیگرە بۆ دوای کارەبابڕان، چیرۆکەکە ئەو دەمە تەواو دەکەین، ئێستا بەپەلە بڕۆ خەریکی کارەکانت ببە تا کارەبا هەیە.

دایکم لەم کاتەدا لەژووری میوان بوو، لەپڕو لەخۆشیدا بەرەو ژووری چێشتخانە (مگبخ) دەرپەڕی و لەبەرخۆیەوە وتی: کوڕم.. دەی خێرا بڕۆ قاتە ڕەساسییەکەت ئووتو بکە، بێ ئووتو کردن لەبەری مەکە، نازانم بۆ ئەوەندە شل و شێواوی؟ نابێ کەمێك جلەکانت جوان بن، ئا.. عەتریشی لێبە چونکە بەردەوام لەبیرت دەچێت، سبەینی کە چووی بۆ ئاهەنگەکە لەبیرت نییە بۆیە ئێستا عەتر پرژێنی بکە!.

+دایکە گیان عەتری چی و قاتی چی و تەڕەماشی چی؟ من نووسین و ڕاپۆرتێکم هەیە دەبێت خێرا کۆمپیوتەرەکەم پێ بکەم و دەست بکەم بەتایپ کردن، زۆر گرنگە زوو تەواویان بکەم.

-ئەری ئەم نووسینە نەبڕایەوە؟ خۆی چەند کارەبا هەیە وا بەهێواشیی دەجوڵێیتەوە؟ نووسین هەڵگرە بۆ کاتێکی تر، بەقەڵەم بینووسەرەوە دوایی تایپی بکە، خێراکە بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت خەریکی ئووتوکردن ببە.

بەڵام من وردە وردە بەرەو ژووری دانیشتن رۆیشتم و تەلەفزیۆنەکەم پی کرد؟ یەکسەر چۆیە سەر کۆنسێرتێکی میوزیکی (یانی) لەوڵاتی چین، لەوکاتەدا دەنگە کۆراڵییەکان بەرزدەبوونەوە، تیپی ئۆکێسترا لەحەماسی تەواودا بوون، یانی گەرم ببوو هەڵدەبەزییەوە، لەوکاتەدا وتم، ئەڵڵا خۆ ئەوە (یانی) یە، من خەریکی گوێگرتن دەبم لەمیوزیك رۆحم زۆر پێویستێتی.
باوکم بەرەو لای من هات و کەمێك سەری باداو بەدەنگێکی بەرز وتی:
-یانی و مانی چی؟ واز لەم جوقە جوقە بهێنە، خێرا برۆ ئیشەکانت بکە. کارەبا ئەوەندە زۆرە وا تۆ هیچ ناکەیت و گوی بۆ ئەم قژ درێژە دەگریت؟. بەخوا هەر لە تەلەفزیۆنەکەوە بێتەدەری و لەبەردەممدا میوزیك بژەنی لەم کاتەدا گوێی لێناگرم.
+تۆ هەقی منت نەبێت، وابزانم تۆ بە تەمای ریش بتاشیت، ئەری بۆ ناچیت بەلای کاری خۆتەوە؟
باوکم هیچ قسەی نەکرد، بەرەو دەستشۆرەکە بەرێکەوت، ئاگام لێبوو مۆبایلەکەی خۆی کوژاندەوەو هاواری لێکردین: مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە، نەکا یەکێك لەناکاودا تەلەفۆن بکاو کاتەکە بەهەدەر دەروات، کاتێك دەزانی کارەبا بای بای دەکات.
هاوارم کرد: باشە ئەوە مۆبایلەکەم داخست، بەڵام ئەگەر میوانێك هات دەڵێی چی؟
+دەمت بشکێت، کوفر مەکە، کوفری وا بۆ دەکەی؟ بەئیزنی خوا دوای کارەبا بڕان میوان دێت.
دایکم لەولاوە غەسالەکەی پێکرد و دەستیکرد بەجل شۆرین (فەردەیەك جلی پۆخەڵمان هەبوو).
باوکم شیراندی: خێرا برۆن، بۆیلەرەکە هەڵبکەن باتۆزێك ئاوەکە گەرم بێت، ئەوەبوو من چووم بۆیلەرەکەم هەڵکردو دواتریش دەستمکرد بەئووتوکردن.
لەپڕ لەزەنگ درا لەگەڵێدا لەدەرگاش دەدرا، دەستم لەکارەکەم هەڵگرت و چووم دەرگام کردەوە.. پیاوێکی باڵا بەرز بوو وتی: بەرێزگیان ئەری ئەمە ماڵی موختاری گەرەك نییە؟
وتم: نەوەڵڵا، موختاری چی؟ موختار هەر لەم گەڕەکەدا نییە.
گەڕامەوە بۆ ژوورەوە و بەباوکم وت: شوکر سەلامەت دەرچووین! میوان نەبوو.
دایکم هەر لەبەردەم خۆیەوە پرتەو بۆڵەی بوو، بەدەنگی بەرز هاواری کردو وتی: ئەری بزانە کەس ئاگای لەسەلاجەکەیە دایگیرسێنی، بەخوا چی تێدایە هەمووی بۆگەنی کردووە.
باوکم وەڵامی دایەوە: چش.. توخوا بابۆگەن بکات هەروەك چۆن سەرکردەکانمان کردوویانە.
دایکم دووبارە وتی: ئەری ئەمە کوا پەیوەندیی بەوەوە هەیە؟ تۆ هەر خەریکی فەلسەفەلێدانی.
لەناکاو زەنگی تەلەفۆنە نۆرماڵەکە لێیدا، باوکم هاواری کرد: کەس تەلەفۆنەکە هەڵنەگری، ئێستا بزانە کێیە بی تاقەتە و کارەبایان نییەو حەزی لەدەمەتەقێیە؟
ئەوەبوو زەنگی دووەم لێیدا و هەر هەڵمان نەگرت، دایکم ناڵەی لی بەرزبۆوە و وتی: بەڕاست بۆ هەڵیناگرن نەوەك خوانەخواستە تەعزییەك شتێك بێت. ؟!.
باوکم وتی: تەعزێ نییە و هیچ نییە، بەم کارەبا هاتنەوەیە کوا شەرعییە بچیت بۆ تەعزی؟ زەنگی سێهەم لێیداو هەر هیچ، چوارەم زەنگ لێیدا، دایکم بەدەستی کەفاویی و سابوناوییەوە هات و هەڵیگرت، کەمێك لەسەرخۆو دیپلۆماسییانە وتی: بەڵی فەرموو.
لەپڕ هاواری کرد: (نادیە) ی خوشکمە لەسوێدەوە تەلەفۆن دەکات.
باوکم بەساردییەوە وتی: چی لێبکەم، سەلامی لێبکە.
دایکم وتی: نادیە گیان چۆنی؟ منداڵەکان چۆنن؟ ئەوە بۆ ماوەیەکە دەنگت نییە؟
نادیە: زۆرباشم، ئایا ئێوە باشن؟ من عەیبم نییە ئەگەر ئێوە خراپ نەبن.
دە دەقیقە زیاتر قسەیان بەیەکەوە کرد، ئەوەبوو داوای باوکمی کردو هەندێك قسەو باسیان بەیەکەوە کرد ئەوجا نۆبەی من هات:

-پورە نادیە گیان توخوا ئێستا ئێوە لەسوێد کارەباتان هەیە؟

+کورە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بەسانییە چییە لێرە کارەبا ناکوژێتەوە.

-ئەری سووتەمەنی و ئاو و بەنزین و غازو شتی وا چۆنە، دەست دەکەون؟

+لێرە ئەو کێشانە نییە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کەمێك هەست بەنامۆیی دەکەین.

-ئەی لێرە بێکاریی و گەندەڵی و بی خانوویی و سواڵکردن و شەو لەسەرجادە خەوتن هەیە؟

+نەخێر، شتێکی وەها نییە شیاوی باسکردن بێت.

-ئەی پوری گیان بۆچی نامۆیت؟ خۆ لەکوردستان بیت دەهەزار ئەوەندە نامۆترت دەکەن.

+نا وانییە، کوردستان گۆڕاوە، لەکەناڵی کوردسات و زاگرۆسەوە دەیبینم خۆش بووە.

-کورە کوا؟ ترحێو لەم خۆشییە، ئەگەر خۆشیی وابێت توونی بابا بچێت.

+ئەی ئەوە نییە شاری خەونەکان و نازیستی و ئەوشتانە دروست دەکرێن؟

-بۆ مادام گیان هەموو بنەماڵەکەت تا دەگاتەوە ئادەم دەتوانی چوارچین لەو خانووانە هەڵستێنی؟

+بۆ، بۆ؟ ئەری جگە لەوە ئەو هەموو هۆتێلە جوان جوانانە نابینی دروستی دەکەن؟

-با دەیانبینم، ئەوانە بۆ هارونە ڕەشید و شاگردەکانێتی، خۆ بۆ من و تۆ نییە، لەوی قرقێنەیەك سەد دۆلاری تێدەچێت، ئەوە باسی بۆفیەیەك هەرمەکە.

+بەخوا تۆ زۆر رەشبینیت، ئەی لەگەڵ کاری نووسین و شتی وادا چۆنیت؟

-باش نیم، لەبەر چراو ڕۆشنایی مۆمدا دەنووسم، فەزاکەم ئەوەندە عیرفانییە هەر دەڵێی (نالی) م، بەخوا لەمەودوا بەپەڕو مورەکەب لەسەر چەرم و پێستە دەنووسم، دنیاکەی ئێمە گەڕاوەتەوە بۆ دواوە، جاری وا هەیە لەبەر نووری شەمعێکدا هەست بەوە دەکەم شەش خولەکی تر نیگا (وحی) م بۆ دێت.

+لەقسە زلەکانت نەکەوتوویت، قەت ئەم ڕابواردنە تەرك ناکەیت.

-ئەری تو ویژدانت ناهەقمە؟ کارەبا هەردەڵێی ترافیك لایتە، کەس نازانی کەی و چۆن هەیە.

باوکم لەولاوە هەڵیدایە: کورە کەر مەبە، سەد خۆزگە ترافیك لایت بوایە، بەس نەبوو دەقیقەیەك دەهات و دەقیقەیەك دەبڕا، کەواتە لە 24 کاتژمێردا دوانزە کاتژمێرمان دەبوو خۆ کارەباکەی ئێمە بەناشکوریی نەبێت لەسەعاتێك زیاتر نییە.

+ئەوە چییەو کێیە قسە دەکات؟ ئایا میوانتان هەیە؟

-نا.. نا.. ئەوە باوکمە.. ها بتدەمی قسەت لەگەڵ بکات، من جاری خواحافیزو بەنیازی دیدار، باوکم گوێی بەتەلەفۆنەکەوە ناو گوتی:

-ها.. نەچن خۆتان بی عەقڵ بکەن و بێنەوە بۆ کوردستان، شتی وانەکەن ها..

+نا.. نا.. منداڵەکان هەر نایەنەوە، تازە ئێرەمان باشترە.. ئا.. ئا.. ئێرە بۆ ئێمە باشترە.

کەمێکی تر باوك و دایکم قسەیان لەگەڵدا کردو دوایی خواحافیزەیان لەیەکتری کرد، هەریەکە چووینەوە سەرکارەکانمان، ئەوەندەم زانی دوای 53 خولەك لەهاتنەوەی کارەباکە تەزووەکەو ڕووناکی گڵۆپەکان بەکارەساتێکی دڵتەزێن ماڵئاوایيان لێکردین.

دیمەنی دوای کارەبا بڕانەکە بەمجۆرە بوو (پانتۆڵەکەم ئووتو کراوە بەڵام چاکەتەکەی نا، دایکم نیوەی جلەکانی شۆردووەو نیوەکەی تر نا.. بەڵام قەباعەتەکە لای باوکم بوو لایەك لەسمێڵ و ڕدێنی تراشی بوو لایەکی تری مابوو.. ) .

دایکم دەسی بەرز کردەوە بۆ باوکە میهرەبانەکەی ئاسمان و بەدەم نزاوە وتی:

-خودایە تەمەنی حکومەتەکەمان بەقەدەر تەمەنی ئەم کارەبا هاتنەوەیە کەمبکەرەوە.

باوکم بەهێمنی و بە زمانێکی نەرم وتی: لەلای خواو لەئاسمانیش کارەبا هەبێت باشە، ئەگینا ئەویش تاقەتی نابێت گوی لەنزاو شەکواکانت بگرێت.

دایکم بەرەو لای من هات و وتی: بەخوا ئەمە ژیان نییە، لەچلەی هاویندا بەرمیلێك نەوت بە 100دۆلار بێت ئەی ئەگەر بەفردابکات؟ لەولاشەوە دەست دەبەیت بۆ هەر شتی بیكرێت وەك دووپشك پێوەت دەدات، جگە لەمەش لەزستان و پایزدا بەشەوەكە كارەبا هەبێت قەینا بەرۆژ بەلام ئەمساڵ هاوینەكەشی هەرنەهات بوو.

باوكم لەولاوە هەڵیدایەوەو وتی: ئەری ژنەكە بۆ ئەوەندە بی عەقڵی، كارەبا بۆ هەموو كاتێكە خۆ وەستا ئەدیسۆن كاتی دروستیكرد نەیووت تەنیا بۆ هاوین وتی بۆ زستانیشە.

بەلام وەستا ئەدیسۆن مۆلیدەی دروست نەكرد، ئەوە وەستا مەسئولەكانن بەدەستمایەكەی ئەدیسۆنەوە كاسبی دەكەن و سوو دەخۆن.

ئیدی باوكم لەبەر چرا ڕیش تاشینەكەی تەواوكرد بەلام كەسەیرم كرد دەتووت ئیمامی عەلی شمشێری لێداوە لەچواردە پانزە لاوە دەموچاوی خۆی بڕی بوو..

باوكم بەچرایەكەوە بەرەو ژووری دانیشتن هات و ڕووی دەمی كردە دایكم و وتی:

ئەری بیستوتانە پیرەژنێك وتوویەتی ڕەحمەت لەگۆڕت ئەدیسۆن ئەگەر تۆ نەبوویتایە دەبوایە لەبەرچرا سەیری تەلەفزیۆنمان بكردبایە..

دایكم لێویكی لی هەڵقرچاندو وتی: توخوا ئەمە نوكتە بوو؟ زۆر كۆنەو زۆریش ناخۆشە.

بەلام من بیستوومە دەڵێن پیرەمێردێك بووە (دیار بوو دایكم پێی ناخۆش بوو سیفەتی خراپ بخرێتە پاڵ ژن).

باوكم وتی: نازانم بەلام بی كارەبایی زۆر شت لەیاد دەباتەوە پیرەمێردو پیرەژنیشت لی تێكەلاو دەكات، توخوا وانییە؟

ئیتر هەردوای فجوقی كارەباكە ئێمەش وەك دەرئەنجامەكەی فیلمی (هالەو ئەمریكا) ی عادل ئیمام دەست بەتاڵ دەرچووین و هیچمان بۆ نەكرا.

ئەوەبوو باوكم گەڕایەوە بۆلای شەوچەرەی شەوو هەقایەتی مێبازیی مەسئولەكە.

تاكاتی خەوتن و تا ئەو كاتەی ژنە لادێیەك بەنەعل لەدەم و چاوی كاك مەسئول دەدات و تەبعی نەعلە ژمارە (چل و چوارەكە) لەسەر دەم و لوتی دەردەچێت باس هەرباسی ئەو برادەرە كۆڵنەدەرەبوو، ئیدی دوایی ئەمە خەوتین بەلام من شەو خەونم بینی 24 كاتژمێری خشت لەخەونمدا تێپەڕیو كارەباش نەبڕا، سەیرەو پەرچوویەكی سەردەمە. وەلی ئەگەر حكومەتی هەرێم پێی بزانیبا لەخەونەكەشدا تۆزێكیان لی دەكوژاندینەوە.

Shamzini79@hotmail. com